قورئان باشترین پارێزەری سوننەتە

نعمان علی خان

قورئان باشترین پارێزەری سوننەتە
نعمان علي خان
وەرگێڕانی
ئەرکان الکردی

پێشەکی بسم الله الرحمن الرحیم ، و الصلاة و السلام علی نبینا محمد و علی اله و اصحابه اجمعین , اما بعد : ئەم نامیلکەیەی ئێستا لەبەردەستتدایە خۆی لە کۆڕێکی اوستاذ نعمان علی خان دەبینێتەوە کە لە وڵاتی مالیزیا پێشکەشی کردووە بە ناونیشانی (قورئان باشترین پارێزەری سوننەتە) کە شیکاری دوو ئایەتی قورئانی پیرۆز دەکات لەسەر ئەوەی کە لەسەر هەر تاکێك کە خۆی بە موسڵمان دەزانێت فەڕزە کە سوننەت قبوڵ بکات و وەریبگرێت و کردەوەی پێبکات ، وە هەڕەشەی توند و سامناك ئاڕاستەی ئەو کەسانە دەکات کە سوننەت بەرپەرچ دەدەنەوە و پەکی دەخەن و بە سەرچاوەی تشریع و وحی خودایی نازانن و نابینن ، جا هیوادرم توانیبێتم گەرچی کەمیش بێت و شایەنی وتنیش نەبێت سودێك وە بەرگریەکم لە سوننەتی پێغەمبەری خودا صلی الله علیە وسلم کردبێت و خوای گەورە بیکاتە سەر میزانی حەسانەتەکانمان

اركان الكردي سلێمانی

شوال /24 / 1437

29/7/2016

قورئان باشترین پارێزەری سوننەتە

- نعمان علی خان

الحمدلله رب العالمین و الصلاة و السلام علی سید الانبیاء و المرسلین و علی اله و صحبه و من استنی بسنته الی یوم الدین ، اللهم اجعلنا منهم و من الذین امنوا و عملوا الصالحات و تواصوا بالحق و تواصوا بالصبر ، امین یا رب العالمین ، ثم اما بعد : فاعوذ بالله من الشیطان الرجیم (ما کان محمد ابا احد من رجالکم و لکن رسول الله و خاتم النبین ، رب اشرح لي صدري و یسیر لي امري و احلول عقدة من لساني یفقه قولي , امین یا رب العالمین) :- -
ئەو شتەی کە دەمەوێت ئێوەی لێ ئاگادار بکەمەوە ئەوەیە کە هەندێك جار حەز دەکەم باسی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بکەم بەپێی ئەو سەردەمەی کە لێی دەژین ، یەکێك لەو کێشانەی کە لەم دواییانەدا بینیم ، پێم وایە ماوەیەکی زۆرە هەیە ، بەڵام من لەم دواییانەدا بینیومە ، چەندەها ئیمێڵ و پەیوەندیم بۆ هاتووە سەبارەت بەو باسە ، ئەو بۆچونەی کە دەڵێت : دەبێت قورئان زۆر بە جدی وەربگرین ، وە سوننەتی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم دووەم دانەیە و لاوەکییە ، یاخود دەڵێن حدیث قسەی

لەسەرە ، دڵنیا نین لەوەی کە وەکو قورئان پارێزراوە . چەندین شێوازی ڕەخنەگرتن بەکاردەهێنن ، یەکێك لە ڕەخنەکانیان ئەوەیە (کە سوننەت باش نەپارێزراوە وەکو چۆن قورئان بە باشی پارێزراوە) . جۆرێکی دیکە لە ڕەخنەکانیان ئەوەیە کە (ئەگەر سوننەت پارێزراویش بێت چی وا لە پێغەمبەر دەکات صلی اللّٰه علیه وسلم کە بەڕاستی پەیامەکەی گەیاندووە ؟ وە پەیامەکەش قورئانە ، بۆیە پێویستە تەنها گرنگی بە قورئان بدەین ، قورئان سەرەکیە و بەس ، پێویست ناکات خۆمان بە سوننەتەوە سەرقاڵ بکەین ، باشە سوننەت هەیە ، بەڵام بەو شێوازەی قورئان جێبەجێی ناکەین) . هەندێك کەس هێندە زۆر ڕۆیشتوون کە دەڵێن وەرگرتنی سوننەت وەکو هیدایەت و ڕێگای ڕاست ئەوە تۆ هاوەڵت بۆ خودا داناوە ، چونکە سوننەت کردوەی دروستکراوێکە ، وە تۆش بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەیت کە وەکو کەلامی خودایە . ئەم جۆرە گفتوگۆیانە دەکرێن لێرە و لەوێ لە انترنێتدا ، منیش لەوەودوا ئەم بۆچونە سەیرەم زۆر خرایە ڕوو . بۆیە منیش بۆچوونی شخصی خۆمتان پێ دەڵێم ، من بۆماوەی 15 ساڵە بومەتە قوتابی قورئان و بەڕاستی ئەم کتێبە دڵی فڕاندووم ، یەکێك لەو وانە سەرەتاییانەی کە نەمدەتوانی لەدەستی هەڵبێم ئەوە بوو کە باشترین و بەهێزترین بەرگریکاری سوننەتی پێغەمبەری خودا صلی اللّٰه علیه وسلم قورئان خودی خۆیەتی ، هیچ بەرگریکارێکی باشتر لە سوننەت لە قورئان زیاتر نییە ! بە

واتایەکی دیکە بەهیچ شێوەیەك ڕاست نییە کەسێك بڵێت باوەڕم بە قورئان هەیە ، بەڵام باوەڕم بە سوننەت نییە ، تاکە ڕێگەیەکیش کە وای لێ بکات ئەوە بڵێت ئەوەیە کە قورئان نەخوێنێت ، یاخود مەگەر قورئان و سوننەتی بە جدی وەرنەگرتبێت ، بۆیە منیش نمونەیەکتان لەسەر ئەوە بۆ دەهێنمەوە کە چۆن قورئانی پیرۆز پاکی سوننەتی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەپارێزێت . بەڕاستی سوننەت قورئان دەهێنێتە ژیان ، قورئان لە وشەوە دەهێنێتە نێو ژیانی مرۆڤەکان ، چونکە سوننەت تەنها وتەی پێغەمبەری خودا نییە بەڵکوو کردەوەکانیشیەتی ، سەرقاڵی پڕۆژەیەکین لەگەڵ شێخ ابو بکر لە ئوسترالیاوە ، کە پڕۆژەیەکی زۆر گەورە پشتیوان بەخوا بەم زوانە دەبێت ، پڕۆژەکە ئەوەیە کە دەچێت هەر حدیثێك دەهێنێت و بەراوردی دەکات بە ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز ! تەنها بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە (قورئان و سوننەت) چەندێك پێکەون و لێك جیانەبوەوەن ! بەهەرحاڵ دەمەوێت گفتوگۆکەی ئەمڕۆمان سەبارەت بە یاسادانان بێت ، چونکە یەکێك لەو گفتوگۆ فەلسەفیانە دەڵێت : تەنها خودا مافی دانانی یاسای هەیە ، بەڵام پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم تەنها بەندەیەکی خودایە ، ئەو هیچ مافێکی نییە بۆ ئەوەی یاسا دەربکات و دادوەریمان لەنێواندا بکات ، یاسا تەنها لە خوداوە دێت ، هەر بۆیە سوننەت لاوەکییە و قورئان سەرەکییە . کە بە ڕووکەش سەیری دەکەیت لە گفتووگۆیەکی بەهێز دەچێت ،

کاتێکیش گوێت لەمە دەبێت دڵنیام تێدەکەویت ، بەڵام لە گفتوگۆیەکی زۆر بەهێزی عقلانی دەچێت . دەمەوێت تەنها یەك شوێن لە قورئاندا شیبکەمەوە کە خودا وەڵامی دەبێت لەسەر ئەم باسە ، کە وا لە سورەتی (النساء) دا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (فلا و ربك) واتە: سوێند بە پەروەردگارت . ئایەتی 65 و 66 ، لێرەدا یەکێك لە شتە نامۆکانی قورئان وا لە ئایەتی ژمارە 65 دا لە سورەتی (النساء) کە خودا بڕیار دەدات سوێند بە خۆی بخوات ، خودا سوێند بە کات بە ئاسمان بە خۆر بە سەرلەبەیان بە شوێنی ئەستێرەکان و زۆر شتی دیکەش دەخوات ، کە ئەمانە چەند دروستکراوێکی شکۆداری خودان ، بەڵام لە یەکێك لە شوێنە نمونەییەکان لە قورئاندا کە خودا بڕیار دەدات لەم خاڵەدا ، هیچ کام لە دروستکراوەکانی بە تەواوی شکۆدار نییە بۆ ئەوەی هێندە بەهێز بێت سەبارەت بەو شتەی کە دەوترێت ، بۆیە دەفەرموێت : (و ربك) واتە : سوێند بە پەروەردگارت . پێش ئەوەی بەردەوامبم دەمەوێت چەند ڕوونکردنەوەیەك بدەم سەبارەت بە ئامانج لەسەر مەبەستی سوێند خواردن ، بۆ نمونە کاتێك دەڵێیت : سوێند بە پەروەردگارت . هۆکار چییە کە سوێند بۆ شتێك دەخۆیت ؟ بە واتای چی دێت ؟ چەند هۆکارێك هەن کە لە کۆڕەکانی پێشوشمدا باسمکردوون ، بەڵام ئێستا بەخیرایی باسی دەکەمەوە ، یەکەم هۆکار ئەوەیە کاتێك توڕە ئەبیت : بۆ نمونە کاتێك دەڵێی : بوەستە ! ئەڵێم بوەستە ! سوێند ئەخۆم

بوەستیت باشترە !! کاتێك کە ووت (! سوێند ئەخۆم بوەستیت باشترە) ئەوە بە واتای ئەوە دێت کە تووڕە بویت ، هۆکارێکی تری سوێندخواردن ئەوەیە کاتێك دەتەوێت کەسێك ئاگادار بکەیتەوە کە ئەمەیان زیاتر لە کلتوری عەرەبیدا هەیە ، لە کلتورەکانی تردا زۆر نییە ، لە کلتوری عەرەبی کۆندا کاتێك کە سوێند ئەخۆیت ئەوە هەوڵ ئەدەیت خەڵکی ئاگادار بکەیتەوە ، بۆیە کاتێك کە سوێند دەخۆیت سوێند بە شتێك دەخۆیت بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگادار بکەیتەوە ، بۆ نمونە دەڵێن : سوێند بە خودا سبەی بەیانییە !! بۆیە هەموویان گوێ دەگرن و دەڵێن : ئەی خودایە شتێکی خراپ ڕوو ئەدات بۆ سبەی بەیانی ، باشترە گوێ بگرم ، دەیەوێت بەو سوێندە ئاگاداریان بکاتەوە . بەڵام کاتێك ئێمە لە ئێستادا دەمانەوێت خەڵکی ئاگادار بکەینەوە دەڵێین : بەیارمەتیت تکایە ، دەتوانن گوێ بگرن ؟ شتێکی گرنگم هەیە تکایە ، بەڵام ئەوان ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە سوێندێك دەردەبڕن ، جۆرێکی دیکە لە سوێند خواردن کاتێکە کە قسەیەك دەکەیت و باوەڕت پێناکەن ، بۆ نمونە پێت دەڵێن : بۆچی درەنگ کەوتیت ؟ تۆش دەڵێیت : لە ترافیکدا بووم ، ئەویش دەڵێت : هم هم ترافیك ! ، تۆش دەڵێیت : بەخوا لە ترافیکدا بووم سوێند بەخوا !! ، تۆش بۆیە سوێند دەخۆیت چونکە باوەڕ بە قسەکانت نەکرا ، کەسێك گوێت لێ دەگرێت دڵنیا نییە لە ڕاستی و دروستی ئەو قسانەی کە دەیکەیت ، ئەمانەی کە وتمان هەمووی ڕاست بوون ، بەڵام قورئان جۆرێکی

تریش زیاد دەکات کە لە هیچ شوێنێکی تر بوونی نییە . لە قورئانی پیرۆزدا سوێند خواردنەکە دەکرێتە دوو بەشەوە : 1- ئەو شتەی کە سوێندی پێ دەخۆیت 2- بکەرەکە ، بۆ نمونە خودا سوێند بە کات دەخوات ، کات ئەو شتەیە کە خودا سوێندی پێ خواردووە ، وە بکەرەکەش ئەوەیە کە مرۆڤ لە زەرەرمەندیدایە ، بۆیە لێرەدا ئەو شتەمان هەیە کە سوێندی پێ خوراوە لەگەڵ بکەرەکەدا ، کاتێك خودا لە قورئاندا سوێند بە شتێك دەخوات ئەوا ئەو بەو شتە بکەرەکە دەسەلمێنێت ، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت (و العصر ان الانسان لفي خسر) واتە : سوێند بە کات ئادەمیزاد لە زەرەرمەندیدایە ، گەورەترین بەڵگە بۆسەلماندنی ئەوەی کە ئادەمیزاد لە زەرەرمەندیدایە چییە ؟ ڕۆیشتنی کاتە ، دەتوانیت پارەیەکی زۆرت دەست بکەوێت ، بەڵام ناتوانیت کاتت دەستبکەوێت ، دەتوانیت بەهێزیت دەست بکەوێت بەڵام ناتوانیت کاتت دەستبکەوێت ، بەهەمان شێوە ناتوانیت ببیە خاوەنی کات ، دەتوانیت ببیتە خاوەنی شتی تایبەتمەند ، ببیە خاوەنی پارە و پۆشاك و پێداویستی ، بەڵام ناتوانیت ببیتە خاوەنی 1 خولەك ، ناتوانیت ، بۆیە ئەوپەڕی سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ لە خەسارەتمەندیدایە چییە ؟ (کاتە) ، بۆیە ئەو شتەی کە سوێندی پێ دەخوات دەبێتە سەلمێنەری ئەوەی کە دێت ، ئینجا لەوەودوا دێین بۆ ئەم ئایەتە ، هیچ شتێك لە بووندا هێندە بەهێز نییە بۆ سەلماندن سەبارەت بەوەی کە دەیەوێت بیڵێت ، تاکە شتێك کە

به تەواوی بیکاتە سەلمێنەری قسەکەی کە زۆر بەهێز بێت ئەوە خودا زاتی خۆیەتی .... خودا سوێند بەخۆی دەخوات بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەی کە دەیەوێت بیڵێت ، کاتێك دەفەرموێت: (فلا وربك) واتە : نەخێر سوێند بە پەروەردگارت

بەهەرحاڵ ئەو پیتی (ك) کە بە (ربك)وەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەری خودا (علیە السلام) ، بۆیە لەڕاستیدا ئەم سوێند خواردنە گفتووگۆیەکی ڕاستەوخۆی خودا و پێغەمبەری خودایە صلی الله علیه وسلم ، ئێمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەبووین ، ئامادەبوی ڕاستەوخۆ لەم ئایەتەدا پێغەمبەری خودایە صلی الله علیه وسلم. پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم ئەبێت شتێکی زۆر بەهێزی پێ بگوترێت وە بەڵگە و شایەتەکەش خودای گەورەیە ، باشە ئەو شتە چییە خودا دەیەوێت بیفەرموێت ؟ یەکەم شت دەفەرموێت : (لا یؤمنون) واتە: ئیمان ناهێنن . ئەو ڕاستیە گەورەیەی کە ویستی بە پێغەمبەری خودای بفەرموێت صلی الله علیه وسلم چی بوو ؟؟ ((ئیمان ناهێنن!)) نامەوێت ببمە بەشێك لە ئەوان ، ئەگەر خودا لە شوێنێکدا لە قورئاندا بیفەرموایە ئیمان ناهێنن ئەوە باشتر بوو ، بەڵام لەکاتێکدا کە سوێند بە زاتی خۆی دەخوات ، سوێند بە شتێکی دیکە ناخوات بەڵکوو سوێند بەخۆی دەخوات ، وە خۆی

دەکاتە شایەت و سەلمێنەر !! لەوەودوا بفەرموێت ئیمان ناهێنن ، ئەوا ئەبێت خودا باسی کۆمەڵێك کەس بکات کە بە هیچ شێوەیەك ئیمانیان نییە !! بەڕاستی ئەمە بەهێزترین ڕستەیە بۆ ئەوەی بە کەسێك بڵێیت ئیمانی نییە ، بۆ ئەمەش ئامادەم گفتووگۆ لە تەواوی قورئاندا بکەم ! ، هیچ شێوازێکی لەمە بەهێزتر نییە بۆ ئەوەی بە کەسێك بڵێیت ئیمانی نییە ، بەهەرحاڵ کاتێك ئەمە دەخوێنیتەوە زۆر نیگەران دەبیت ، چونکە خودا جارێکە نافەرموێت ئەو کەسانە کێن ؟ تەنها دەفەرموێت (ئیمان ناهێنن) ، نازانم ئەو کەسانە کێن ؟ باشتر وایە بیاندۆزمەوە ....! چونکە ئەو کەسانە لە کێشەیەکی ئێجگار گەورە و جدیدان . لەوەودوا خودا دەفەرمووێت : (حتی یحکموك) واتە : ئیمان ناهێنن هەتاوەکو تۆ دەکەنە دادوەر ، هەتاوەکو دەتکەنە (حاکم) ، حکم واتە بە حاکم کردنی کەسێك ، کە بڕیار بەدەست بێت ، (حکم) جیاوازە لە (قضاء) ، لەڕاستیدا (قضاء) بڕیاردانە وەکو قاضی کە دادوەرە ، ئەوە (قضاء)ە کە بڕیار دەردەکات ، بەڵام (حکم) واتە بڕیاری دادوەرە کە بە داناییەوە درابێت ، چونکە (حکم) سەر بە هەمان کۆمەڵەی وشەی (حکمة) یە ، بۆیە تۆ کاتێك حکم دەکەیت ئەوا بڕیارێك دەردەکەیت کە پڕیەتی لە دانایی ، کەواتە ئایەتەکە بۆ تێگەیشتن بەم شێوەیەی لێ دێت : (ئیمان ناهێنن هەتاوەکو تۆ نەکەنە بڕیاردەرە داناکەیان) ، چونکە لە وشەی (یحکمك) خودا ، پێغەمبەری وەکو دانایەك ڕاگەیاند

تەنها بڕیار دەرکەرێك نا بەڵکوو کەسێکی تەواو داناشە ، وەکوو پێم ووتن کە هەیە گفتووگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە تەنها خودا مافی یاسا دانانی هەیە ، وە پێویستە قورئان بێتە کۆتا بڕیاردەر ، ئایا قورئان دەفەرموێت : هیچ ئیمانێکیان نییە هەتاوەکو قورئان دەکەنە بڕیاردەر ؟ هیچ ئیمانێکیان نییە هەتاوەکو (وحی) دەکەنە بڕیاردەر ؟ خودا دەفەرموێت : ئەوانە هیچ ئیمانێکیان نییە وە سوێندیش بەخۆی دەخوات هەتاوەکو تۆ (محمد) صلى الله عليه وسلم نەکەنە بڕیاردەری خۆیان ، باسەکە چەند شەخصیە ؟ ڕاستەوخۆ بەخۆی دەفەرموێت ، هەتاوەکو تۆ دەبیتە دادوەریان لەهەر کارێکیاندا ئەگین ئیمانیان نییە بە هیچ شێوەیەك . پێش ئەوەی لە ئایەتەکە بەردەوامبم دەمەوێت بیر لەم شتە گرنگە بکەینەوە ، قورئان کتێبێکە ، سوننەتیش کۆمەڵە کتێبێکە ، بۆ نمونە کتێبەکانی فەرموودە لە (بخاری – مسلم – ترمذی ... هتد) ، باشە ئەمە قورئان و ئەوەش سوننەت ، دوو بەشی جیاواز لە کتێبخانەکەدا ، ئێستا بیر لە صحابە (خوا لێیان ڕازی بێت) بکەرەوە ، ابو بكر (خوا لێی ڕازی بێت) دانیشتوە کاتێك بیر لە قورئان دەکاتەوە بیر لە چی دەکاتەوە ؟ بیر لە کتێب ناکاتەوە چونکە هیچ کتێبێکی لێ نەبووە ، دەنگی کێ لە سەریدا دروست دەبێت کاتێك بیر لە قورئان دەکاتەوە ؟! پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ، وە کاتێك بیر لە سوننەت دەکاتەوە بیر لە چی دەکاتەوە ؟! بۆ صەحابەکان قورئان و سوننەت لە هەمان دەمەوە

هاتونەتە دەرەوە ، قورئان و سوننەت هەمان کەسن بۆ ئەوان ، هەروەکو چۆن دایکی ئیمانداران وصفی دەکات و دەفەرموێت : قورئان دەڕوات بەڕێدا ، یان دەفەرموێت : ڕەوشتی پێغەمبەری خودا قورئان بووە ، ئەگەر بتەوێت ببینیت قورئان بێتە ژیان ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبینیت ! بۆ ئەوان دوو بەشی جیاواز نەبووە لە کتێبخانەکەیاندا ،

بۆ ئەوان تەنها یەك کەس بووە ! بەتەواوی لێکجیانەبوەوە بوون ! بەڵام بۆ ئێمە قورئان لە بەشێك و سوننەتیش لە بەشێکی دیکەیە . بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت : (حتی یحکموك) واتە : هەتاوەکو دەتکەنە بڕیار دەرکەر . لەوەودوا دەفەرموێت : (في ما شجر بینهم) چ زمانێکی سەرنجڕاکێشە ! دەفەرموێت : هەتاوەکو دەتکەنە بڕیار دەرکەر لە هەر شتێك کە دەڕوێت لە نێوانیاندا. (شجر) دەزانیت واتای چییە ؟ بە واتای دار دێت ، (شجر) بە فیعلەکەی بە واتای شتێك دێت کە لە زەویەوە بێتە دەرەوە ، واتە شتێك کە لە زەویدایە و لەوەودوا دێتە دەرەوە و بەرز دەبێتەوە . لەم ئایەتەدا خودا دەفەرموێت : ئەو شتەی کە لە زەویەکە هاتوەتە دەرەوە ، لە هەر کێشەیەك کە هاتوەتە دەرەوە یاخود هەر کێشەیەك کە دێتە دەرەوە لە داهاتوودا ! لە هەر هەموو ئەو کێشانەدا کێ بڕیار بەدەست دەبێت و بڕیار دەدات ؟ پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم ، قورئان و سوننەت هەردووکیان

پێکەوە لکاون ، لەڕاستیدا قورئان و سوننەت دوو شتی جیاواز نین بەڵکوو هەردووکیان یەك شتن و دانەیەکن ، لەڕاستیدا قورئان ناتوانیت لێی تێبگەیت بەبێ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ، چۆن دەتوانیت ؟! (حتى يحكموك في ما شجر بينهم) ، بەڵام هێشتا ئەوەندەش بەس نییە ، خودا دەفەرموێت هێندەش بەس نییە ! تەنانەت ئەگەر کەسێك بێت بڵێت : باشە ڕێدەدەم سوننەت بڕیار بدات کە بڕیارەکان چۆن بن ، تەنانەت ئەوەش بەس نییە ، لەدوای ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت : (ثم لا يجدوا في انفسهم حرجا مما قضيت) واتە : لەوەودوا نابێت هیچ ناڕەزایەتیەك و نائاسودەییەك دروست بێت لە نێوانیاندا لەسەر ئەو بڕیارەی تۆ داوتە ، تێبینیەك بکەن خوای گەورە نەیفەرموو : (مما حكمت) چونکە لە سەرەتادا (يحكمك) ی بەکارهێنا ،

بەڵام لێرەدا گۆڕی بۆ (مما قضيت) واتە : هەر بڕیارێك کە تۆ دەری دەکەیت . وەکو ئەوەی پێم ووتن (قضاء) واتە هەر دادوەریەك بێت ، ئەدی (حكم) چی بوو ؟ دادوەریەك کە دانایی لەگەڵدا بێت ، ئەزایت بۆ ئەمە گرنگە ؟ چونکە لێرەدا خودا دەیەوێت بفەرموێت : ئەگەر خەڵکی لەکارەکانتدا دانایی ببینن یاخود نەیبینن ! هەر بڕیارێك تۆ دەری دەکەیت ، باشترە بۆیان کە هیچ نائاسودەییەك و گومانێکیان نەبێت بەرامبەر بڕیارەکانت !!

و یسلموا تسلیما) ، بەهەرحاڵ زمانی عەرەبی جێر سەرنجە کە) چەندین بابەتی ڕێزمانیان هەیە کە ناتوانم لێرەدا بیڵێم ، لە ڕێزماندا شتێك هەیە پێی دەوترێت (عائد) بۆ نمونە ئەگەر : (مما قضیته) بوایە ، ئەو کاتە ضمیرەکە دەگەڕایەوە بۆ میمی موصول ، ئەو کاتە واتاکەی بەم شێوەیە دەبوو : هەر شتێك کە تۆ بڕیارت داوە . بەڵام خودا دەفەرموێت : (مما قضیت) بەو واتایەی کە ئەو بڕیارانەی کە تۆ دروستی دەکەیت بێ کۆتا و بێ سنورە ، لە هەر شتێکدا کە تۆ بڕیارت لەسەری دا ئەوە تەواوە و بووە ، ئەگەر ئایەتەکە (مما قضیته) بوایە ، ئەوا سنوور بۆ دانراو دەبوو . بەڵام ئایەتەکە (مما قضیت)یە کە بێ سنورە لە بڕیاردان ، لە هەر بڕیارێك کە تۆ دەیدەیت صلی الله علیه وسلم هەر ئەوەیە !! ئینجا لەدوای ئەمەوە لە کۆتایدا کە ئەمە کۆتا بەشی ئەم ئایەتەیە ، کۆتا بەشی ئەم ئایەتە سەبارەت بە مل کەچ بوونە ، بە عەرەبی بە مل کەچ بوون دەوترێت چی ؟ بە عەرەبی بە مل کەچ بوون دەوترێت (ئیسلام) لە زمانی عەرەبیدا بدیلی وشەی ئیسلام بریتییە لە تسلیم ، وە وشەی (تسلیم) لە دوو ڕووەوە جیاوازە ، (تسلیم) زۆر بەهێزترە لە ڕووی بەکارهێنانەوە ، واتە ئەگەر ئیسلام بە واتای مل کەچ بوون بێت ئەوا تسلیم بە واتای مل کەچ بونێکی نائاسایی دێت ، هەروەها (تسلیم) بەردەوامە ، ئیسلام یەك جارە بەڵام تسلیم بەردەوامە . ئایەتەکە دەفەرموێت : دوای ئەوەی بڕیارێکت دەرکرد (و یسلموا تسلیما) واتە : ئەوان دەبێت بە

تەواوی و بەردەوامی ملکەچت بن !! تەنها (یسلموا) بەس نییە بەڵکوو دەبێت (تسلیم)یش ببن ، کە ئەمەش بەهەمان شێوە بابەتێکی ڕێزمانییە کە پێی دەوترێت (مفعول مطلق) کە بە واتای : مل کەچ بوون لە دوای مل کەچ بوون لە دوای مل کەچ بوون دێت ! ئەوان دەبێت بە تەواوی مل کەچت ببن ، لە پێش چی ؟ لەپێش چی ؟ کاتێك بیر لە مل کەچ بوون دەکەیتەوە هەمیشە بیر لە مل کەچ بوون بۆ خودا دەکەیتەوە ، لە ئیسلامدا ئێمە مل کەچ دەبین بۆ اللّٰه ، ئەدی لەم ئایەتەدا مل کەچ بوون بۆ کێیە ؟! بۆ بڕیارێکە کە پێغەمبەری خودا صلی اللّٰه علیه وسلم داویەتی ! خۆ ئەگەر داناییەکەیشت درك پێ بکردایە ئەوە (حکم) بەڵام لێرەدا (قضاء) بەکارهاتووە ، وە ئەو ملکەچ بونەش یەك جار نییە ، بەڵکوو بەردەوامە ، بەڕاستی ئەم مل کەچ بوونە زۆر جیاوازە وەکو ئەوانی دیکە نییە ، پێویستە متمانەیەکی زۆر زۆر دابنێیت لەسەر بڕیارەکانی پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم وە ئەگەر هەر دوو دڵی و ناڕەحەتیەکت هەبوو لەگەڵیدا ئەوا خودا سوێند دەخوات کە ئەو کەسانە ئیمانیان نییە ! کۆتا شت ، ئەگەر سەیری ئایەتی داهاتوو بکەیت زۆر بە خێرایی ، خودا باسی متمانەکردن بەخۆی دەکات ، بۆ ئەوەی لەم ئایەتە تێبگەیت پێویستە هەندێك شت بزانیت ، خوای گەورە لە سورەتی (النساء)دا پێمان دەفەرموێت : (یرید اللّٰه لیخفف عنکم و خلق الانسان ضعیفا) ، خودا دەیەوێت شتەکانت بۆ ئاسان بکات ،

ئامانجی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە ژیان ئاسان بکات نەك قورسی بکات لەسەرت ، (لیخفف عنکم) واتە : بۆ ئەوەی بۆتانی ئاسان بکات ، باشە ئێستا بیر لە حاڵەتێکی شێتانە بکەرەوە ، خەیاڵ بکە کە تۆ لە هیچ دانایيەکی خوای گەورە تێناگەیت ، خوای گەورە حوکمێکت دەدا بەسەردا تۆش دەڵێیت ئەوە هیچ مانایەك نابەخشێت ، خوداش هەندێك حاڵەتی خەیاڵیت بەسەردا دەسەپێنێت .

خودا دەفەرموێت : (ولو انا کتبنا علیهم) واتە : خۆ ئەگەر یاسایەکمان لەسەر بنوسینایە ، واتە لەسەر من و تۆ (ان اقتلوه انفسکم) واتە : کە خۆتان بکوژن ! ، خۆکوشتن ، ئایا ئەوە حوکمێکی لۆژیکییە ؟!؟ بە لۆژیکی مرۆڤ ئایا خۆکوشتن هیچ لۆژیکێکی تێدایە ؟؟ نەخێر ! (او اخرجوا من دیارکم) واتە : یاخود لە ماڵەکانیان ڕۆیشتنایە ، تەنانەت ئەگەر خانوشت هەبێت ببیتە بێ سەر و شوێن بێ ماڵ و حاڵ ! ئەو دوو شتە بە هیچ شێوەیەك لۆژیکی نین !! یەکەم کۆتایی بە ژیانت بهێنیت و دووەمیش بە ماڵ و حاڵت ، ئەمانە هیچ لۆژیکی نین ، خودا دەفەرموێت تەنانەت ئەگەر ئەوەش یاساکە بوایە ، (ما فعلوه الا قلیل منهم) واتە : ئەوا جێبەجێیان نەدەکرد تەنها کەمێکیان نەبێت ، زۆر کەس دەڵێت ئەمە شێتانەیە ئەمە هیچ لۆژیکی نییە ، کۆتا وشەی ئایەتی پێشوو چی بوو ؟ و یسلموا تسلیما ، لە ئایەتی دوای

ئەوەش دەفەرموێت : ئەگەر شتانێکمان دانێ بەڵام لۆژیکی نەبوو ئەوا جێبەجێی ناکەن ، تەنها کەمێکتان جێبەجێی دەکەن ، (و لو انهم فعلوه) واتە : خۆ ئەگەر جێبەجێشیان بکردایە (ما یوعظون به) واتە : ئەگەر ئامۆژگاری ئێمەیان وەربگرتایە (لکان خیر لهم) واتە : ئەوە بۆ ئەوان باشتر دەبوو . تەنانەت ئەگەر خودا پێت بفەرموێت بمرە ئەوە باشترە بۆت کە بمریت ، ئەگەر خودا پێت بفەرموێت واز لە ماڵ و سامانەکەت بهێنە ئەوە باشترە بۆت کە وازی لێ بهێنیت ، ئەوە ئاستی ئەو تەوەکولەیە کە ئەبێت بۆ خودا هەتبێت ، (لکان خیر لهم و اشد تثبیتا) واتە : دامەزراوتر و چەسپاوتر دەبوون . هەروەها شوێنی ئەم ئایەتە زۆر باوەڕپێنەکراوە ، چونکە ئەم ئایەتە سەبارەت بە متمانەکردن بە خودایە ، ڕاستەوخۆ لەدوای ئەو ئایەتەوە هاتووە کە دەبێت (متمانەت بە بڕیاری پێغەمبەری خودا هەبێت (علیه السلام ،

خودا متمانەکردن بە پێغەمبەر لەپێش متمانەکردنی بە خۆی داناوە ، کەسی وا هەیە دەڵێت من پەیوەندیم لەگەڵ خودادا هەیە هیچ پێویستم بە پێغەمبەری خودا نییە ، بەراستی تۆ زۆر بە قوڵی سەرت لێ شێواوە ، ئەم کتێبە لە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزدایە لەگەڵ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم. دەمەوێت تەنها یەك شتتان لەسەر حودەیبییە بۆ باس بکەم ، یەکێك چووبوو بۆ

لای پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم کە قوڕەیش ناردبووی ، چوو بوو بۆ ئەوەی موسڵمانەکان بترسێنێت چونکە کەس لەگەڵ قوڕەیشدا پێی نەدەکرا ، بە خێوەتی موسڵمانەکاندا دەڕۆیشت و پیاسەی دەکرد ، موسڵمانەکانیش هەندێکیان سەر بە ئەوس بوون هەندێکی تریشیان سەر بە خەزرەج بوون ، هەندێکی خەڵکی مەککە بوون ، هەندێکی فارس بوون هەندێکی ڕۆمانی بوون ، پڕی بوو لە خەڵکی جیاواز ، بەلای موسڵمانەکاندا ڕۆیشت کە مەشقیان دەکرد و بینی چەندین کەسی جیاوازن ، هەرکەسێکی دیکە کە دەچوو بۆ لای عەرەبەکان و دەچووە لای هۆزێك ، هەموویان یەك هۆز دەبوون ، وە کاتێك کە سوپاکانیان دەبینی سوپای هۆزێکی دەبینی لەوەودوا سوپای هۆزێکی تری دەبینی ، کاتێك بە لای پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم و هاوەڵەکانیدا تێپەڕی ئایا یەك هۆزی بینی یان چەند هۆزێك ؟؟ خەڵکی لە هۆزی جیاواز جیاواز دەبینی ، چوو بۆ لایان و پێی ووتن : بە جدی دەتانەوێت لەگەڵ قوڕەیشدا بجەنگن بە ئەم کەسانە ؟!؟ هەر کە جەنگەکە دەستی پێکرد هەموویان ڕادەکەن ! نەیدەتوانی لەوە تێبگات کە بەو شێوەیەن ، ئەو کەسانەی کە ئامادەن بۆت بمرن ئەبێت سەر بە هۆزەکەی خۆشت بن ، قوڕەیش هەموویان کەسانی یەکگرتوون ئێوەش بەم شێوەیەن؟! هەموویان ڕادەکەن !! لەکاتێکدا ئەم قسانەی دەکرد گوێی لە سەیرترین و خراپترین شت بوو لە مێژووی

ئیسلامیدا ، تەنانەت ناتوانم وەریشی بگێڕم !! یەکێك لە قەرەباڵەغیەکەوە هاواری کرد ، ئەویش ووتی : چ بوێرێك بوو وای ووت !؟ ابو بكر هاتە دەرەوە و ووتی : ئەوە من بووم ! ابو بكر ! ئەو پیاوە هێمنە بەهۆی ئەوەوە زۆر توڕە بوو !! بەهەر حاڵ پیاوەکە گەڕایەوە بۆ لای قوڕەیشیەکان ، پێی ڕاگەیەندرابوو کە بە قوڕەیش بڵێت چی ڕویدا ، کاتێك گەڕایەوە لای قوڕەیشیەکان وتیان چی ڕویدا ؟ پێی ووتن : ناتوانن بیانبەزێنن ! وتیان : بۆ ناتوانین بیانبەزێنین ؟؟! باسی چی دەکەیت ؟!؟ ووتی : ئەو پیاوە کاتێك کە تف دەکات هاوەڵەکانی شەڕی لەسەر دەکەن بۆ گرتنەوەی ، کاتێك کە دەستنوێژ دەگرێت هاوەڵەکانی ئاوەکەی دەخۆنەوە ، هەرگیز لەوەوپێش پادشای لەو شێوەیەم نەبینیوە ، چومەتە زۆر شوێنی پادشاکان و قەڵاکان هەرگیز نەمبینیوە خەڵکی سەرکردەکانیان هێندە خۆشبوێت و هێندە ڕێزی بگرن !! هەرگیز نەمبینیوە ، ئەمەیە (یسلموا تسلیما)ە ! دوژمنەکەت دێت بۆ ئەوەی تڕۆت بکات بەڵام بە شێوەیەك دەگەڕێتەوە کە دەڵێت ! هەرگیز شتی وام نەبینیوە

ئەمە ئەوەبوو کە دەمویست باسی بکەم کە چۆن قورئان بەرگری لە سوننەتی پێغەمبەری خودا دەکات صلى الله عليه وسلم . کۆتا توانج کە دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە لەڕاستیدا متمانە کردن بە سوننەتی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم بریتییە لە

متمانەکردن بە خودا ، خودا دەفەرموێت : (من يطيع الرسول فقد اطاعة الله) ، واتە : ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا بکات ئەوە گوێڕایەڵی خودای کردووە ، خودا دەفەرموێت (و ما ينطق عن الهواء) واتە : لەخۆوە قسان ناکات ، هەموو ئەو ئامۆژگاری و وتانەی کە پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم دەیکات لە کێوە دێت ؟؟ لەلایەن خوداوەیە ! . ئەزانم ووتم کۆتا شت ، بەڵام ئەمەیان کۆتا شتە بەڵێن بێت ، هەروەها تاوانێك هەیە کە بەرامبەر سوننەت دەکرێت کە دەمەوێت خۆم و ئێوەشی لێ ئاگادار بکەمەوە ، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێیت ئەو شتە سوننەتە یاخود نا ؟ یاخود دەڵێیت : شتەکە سوننەتە بەڵام لێی تێناگەم کە چۆن و لەکوێ ئەو سوننەتە ڕاگەیەندراوە ؟ بۆیە لێکدانەوەی خۆت بۆ ئەو حدیثە بەکاردەهێنیت .... شتێك دەربارەی حدیث بۆ نمونە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆ شوێنێکی تایبەت و بۆ کۆمەڵە کەسانێکی تایبەتی وتوە ، بۆ خێزانێکی تایبەتی ووتوە ، کەسێکیش بەپەنایاندا دەڕوات و گوێی لەو گفتوگۆیە دەبێت ، پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم قسەی بۆ خەڵکی بە گشتی نەکردووە بەڵکوو بۆ کۆمەڵە کەسانێکی کردووە ، وە ڕەنگە ئەو قسانە بۆ کۆمەڵێکی تایبەت بێت ، وە ئەگەر تۆش ئەوە نەزانیت وا دەزانیت کە قسەی بۆ هەموو کەسێك کردووە ، بۆیە پێویستە باکگراوندی حدیثەکە بزانیت ، ناتوانیت وەرگێڕدراوێکی حدیثەکە بهێنیت و بڵێیت : تەواو دەزانم بە واتای

چی دێت ، دەزانم جێبەجێی بکەم ، چونکە ئەوەش بەهەمان شێوە جێبەجێنەکردنی سوننەتی پێغەمبەری خودایە صلی اللّٰه علیە وسلم وە ئەمەش بەڕاستی مەترسیەکی گەورەیە ، چونکە خەڵکی وات لێ دەکەن هەست بە ناحەزی بکەیت چنکە شوێن سوننەت نەکەوتویت ، دەڵێت : ئەوەتا لە بوخاریدا هەیە ! بەڵام کاتێك لێی دەپرسیت لەکوێ وتراوە ؟ بەکێی ووتوە ؟ چۆن تێیگەیشتووە ؟ چۆن بە کردەیی کردویەتی ؟ مەبەستی تر لە پشت ئەم حدیثەوە چییە ؟ چۆن دەیکەیت ؟! ، دەزانیت ئەوان چۆن دەیکەن ؟ من زۆرناچمە فیس بووك و تویتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە ، تیمەکەم بۆم جێبەجێ دەکەن ، ئەوان کارێکی زۆر باشم بۆ ئەکەن الحمدللّٰه ، بەڵام نامە و شتم زۆر بۆ دێت پێم دەڵێن بۆچی قسە لەسەر حدیث ناکەیت ؟ شتی لەوشێوەیەم زۆر بۆ دێت : بۆچی تەنها باسی قورئان دەکەیت ؟ دەزانیت بۆچی ؟ چونکە سوننەتم زۆر خۆش دەوێت و ئەترسم لە قسەکردن لەسەر شتێك کە بە تەواوی نایزانم ! کاتێك پرسیارێکم لەسەر حدیث بۆ دروست ئەبێت ، دەفڕم بۆی ، دەفڕم و دەچم بۆ لای محدثێك بۆ ئەوەی لێی تێبگەم ، چونکە ئەمە زۆر جار لە ژیانمدا ڕووی داوە کاتێك کە خۆم فێری ئیسلام دەکرد خۆم فێری حدیث دەکرد وە پرسیارێکم هەبوو کەسێك بۆی ڕوون دەکردمەوە ، وامدەزانی کە تێگەیشتووم لە مەبەستەکەی بەڵام دوایی بۆم دەردەکەوت کە بە تەواوی هەڵەیە ، وە زۆر ئەترسام

لەوەی کە گوێم لە فەرموودەی پێغەمبەری خودا بێت صلی اللّٰه علیه وسلم و نەشتوانم لێێ تێبگەم ، بەڵام قورئانم بۆ ماوەی 15 ساڵ خوێندووە ، دەزانم چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەم ، دەزانم بچم بۆ چ تەفسیرێك چ مصدەرێکی زمانەوانی و چ کتێبێکیش بخوێنم ، بەڵام زانستی فەرموودە زانستێکی چڕ و قوڵە ، من ناتوانم ئەوە بکەم ، بەڵام الحمدللّٰه چەندین کەس دەزانم کە ئەمە دەکەن ، کەسانی وا هەیە بۆماوەی 40 ساڵ تەنها زانستی فەرموودە دەخوێنێت ، ئەمە ئەرکێکی بچوك نییە ! کەسی واش هەیە دانیشتووە لێی و تەنها کۆپیەکی فەرمودەی هەیە ، تەنانەت کۆپیەکیشیان نییە ، بەڵکوو(گۆگڵ)یان هەیە ، واش دەزانێت هەموو سوننەتی پێغەمبەری خودای دەستەبەر کردووە ! ئینجا خۆشی بەراورد دەکات بەو زانایانە ! زۆر گەمژانەیە ! بەڕاستی زۆر گەمژانەیە ! . یەکێك لە مامۆستاکانم جارێکیان ووتی : جارێکیان وانەی فەرموودەم دەوتەوە ، یەکێك لە قوتابیەکانی ، لەو قوتابیە گۆگڵانەی دەستی هەڵبڕی و ووتی : شێخ کێ ئەمەی ووتوە ؟ بەڵکەت چییە کە ئەمە صحیحە ؟ شێخیش ووتی : ڕیوایەت کراوە لەلایەن فڵانەوە فڵانی کوڕی فڵان ، دەزانن ئەو ناوانە چییە ؟ نزیکەی 20 ناوی ووت ، شێخەکەش ووتی : تەواو کێشەت نییە ؟ ئەوە تەواوە ؟ قوتابیەکەی ووتی : بەڵێ تەواوە ، شێخەکە ووتی : ئاخر تۆ گەمژەیت چونکە ئەوە ناوی تەلەبەکانی پۆلەکەت بوون ووتم !! هەیە بەو شێوازەیە (بەڵێ

بەڵگەی تەواوم دەستکەوت) خۆشت نازانیت باسی چی دەکەیت ! زۆر قورسە لەسەر خەڵکی قبوڵی بکات کە نایزانێت ، خوای گەورە دوورمان بخاتەوە لەو جۆرە کەسانە ، دەڕۆم پرسیار لە کەسێك دەکەم کە ژیانی لەوەدا بەسەر بردووە وە بۆچوون و گەڕانەکەشیان زۆر بە جدی وەردەگرم وە پرسیاری زۆر گرانیشیان لێ دەکەم لەوەودوا خۆشم لە گۆگڵ بەدوایدا دەگەڕێم . لە کۆتایدا ... کاتێك باسەکە دێتە سەر پێغەمبەری خودا صلی اللّٰه علیه وسلم ئەوە زۆر هەستیار دەبێت ، ئەوە بۆچوونی منە ... دەتوانیت وەرینەگریت ، بەڵام ئەمە بۆچوونی منە ، وە بۆچونەکەی من زیاتر هەستیارترە بەهۆی ئەو خوێندنەی من لە قورئانی پیرۆز ، داوا لە خوای مەزن دەکەم کە بمانکاتە شوێنکەوتەیەکی سوننەتی پێغەمبەری خودا صلی اللّٰه علیه وسلم ، وە خوای گەورە لەسەرمانی ئاسان بکات بۆ ئەوەی بە خێرایی بڵاو ببێتەوە

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا اله الا انت استغفرك و اتوب . اليك